# *Cantata*

ووشه ی( Cantata )یا ( کانتاتا ) ناوی یەکێکە لە فۆرم یا بۆتە گۆرانی ئامێزەکان ئەم فۆرمە لە ناوەرۆکی تێکستەکانیدا هەڵگری بابەتێکی ئاینییە ،وە لە سەرەتا کانی سەردەمی موزیکیی ( بارۆک) و پێشتریش ئەم شێوە گۆرانییە بەردەوام لە کەنیسەکاندا نمایش کراوە . سەرجەم ئەو موزیکزانانەی کە لەو سەردەمە موزیکییانەدا ژیاون ، بە گرنگییەوە کاریان بۆ نوسینی ئەم بۆتە گۆرانی ئامێزە ئاینییە کردووە ، وە زۆر لە نمونەی ( کانتاتا ) کانیان تا ئەمڕۆش لە بۆنە تایبە تییەکانی کەنیسەکانی سەرانسەری دنیادا دەووترێتەوە ، وە لە بەناوبانگترین نمونەکانی ئەم فۆرمە شاکارەکانی موزیکزان ( سباستیان باخ) ە .

Muzic-Chrakan
2005